**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگە (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە(١١) لە ٢٠١٣/٤/٢٤ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٣**
**یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان**
**بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٠**

**ماددەی یەکەم:**
ناوی یاساکە لە (یاسای دەستەی گشتی لەهەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە) هەموارەدەکرێت بۆ (یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم )

**ماددەی دووەم:**
دەستەواژەی ( ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ) جێگەی دەستەواژەی ( ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك کە لەم یاسایەدا هاتبێت .

**ماددەی سێیەم:**
**یەکەم:** بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :
دووەم: دەستە: دەستەی گشتی لەهەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم .

**دووەم:** بڕگەی پێنجەم لە ماددەی یەکەم لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( پێنجەم : ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم: ئەو ناوچانەن کە لە ڕووی مێژوو و جوگرافیاوە ناوچەی کوردستانین ، کە لە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق کەوتبونە ژێر رێکارەکانی بە عەرەب کردن و گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی )

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسا جێبەجێ بکەن .

**ماددەی پێنجەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

١٤/ ئایار / ٢٠١٣ی میلادی

## هۆیە پێویستکارەکان

وەك جەختکردنێك لەسەر بڕاوەیی دەستپێگرتن بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشت ئامرازە ڕەواکان وەك بەشێکی نەشیاو بۆ جیاکردنەوەلە کوردستان - عێراق لە ڕووی مێژوویی و جوگرافیاوە ، وە لەبەر ئەوەی زاراوەی (ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە) کە لە دەستوری عێراقیدا هاتووە کورت ناکرێتەوە سەر ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێندرا .